**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٢١٩ لە ٢٠٢٢/٤/١٣**

## بڕیار

**ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

ئاماژە بەبڕیار دادگای باڵا ئیتحادی بە ژمارە (٢٧/اتحادیە/٢٠٢١لە٢٠٢١/١٠/٢٠)کە تیایدا هاتووە بە نادەستوری بوونی ماددەکانی (٢٤٥/یەکەم - دووەم - سێیەم) و (٢٤٧ و ٢٥٠ و ٢٥١ / دووەم) لە یاسای گومرگ ژمارە(٢٣)ی ساڵی(١٩٨٤)هەموارکراو هەروەها هەڵوەشاندنەوەی لەبەر ئەو هۆیانە کە لە ناوەرۆکی بڕیارەکە داهاتووە وە پشت بەحوکمی مادده (٩٤) لەدەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ وە ماددەی (٥/ دووەم) لە یاسای دادگای باڵای ئیتحادی ژمارە (٣٠) بۆ ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو بەیاسای ژمارە(٢٥)ی ساڵی٢٠٢١ ئەنجومەنی دادوەری بەکۆی دەنگ بڕیاریدابە پەیڕەوکردنی ناوەڕۆکی بڕیاری سەرەوە بەم شێوەی خوارەوە:

١- پێکهێنانی دادگای گومرگی لە (هە ولێر/سلێمانی/دهۆك)تەنها لە یەک دادوەر (قاضی منفرد) بۆ بینینی داواکانی گومرگی بەپێی یاسای ژمارە(٢٣)ی ساڵی١٩٨٤ی هەموارکراو .

٢- پێکهێنانی دادگای گومرگ لە سە رۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک/گەرمیان بۆبینینی داواکانی لەسنوری ئیدارە ی ناوچەکە.

٣- دەستەیەک لە سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هە رێمی کوردستان تەنها لەخودی دادوەرانی دادگای پێداچوونەوە پێکدێت تایبەتمەند دەبێت بۆ بینینی داواکانی گومرگی کەتانەیان لێدراوە .

٤- هەموو ئەو بڕیارانەی کە لە دادگاکانی گومرگ دەردەچێ شایەنی تانە لێدان دەبێت تەنانەت قیمەتی ماڵی دەست بەسەرگیراو هەر بڕێک بێت .

٥- ئەم بڕیارە لە ٢٠٢٢/٥/٢ جێبەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**